مقاومەی ئیسلامی لە عێراق بەرپرسیارێتی هێرشەکەی سەر بنکەی سەربازی هەریر راگەیاند

گروپی مقاومەی ئیسلامی لە عێراق بەرپرسیارێتی لە هێرشەکەی ئەمشەوی سەر بنکەی سەربازی هەریر لە هەولێر راگەیاند و جەختیکردەوە، ئامانجەکەیان پێکاوە. "المقاومە الإسلامیە فی العراق" لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لەڕێگەی دو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بنکەی سەربازی ئەمریکا (هەریر)یان لە هەولێر کردەتە ئامانج و ڕاستەوخۆ ئامانجەکانیان پێکاوە.

هاوکات باسی لەوەشکردوە، هەر ئەمشەو بنکەی سەربازی ئەمریکایان لە ڕۆژئاوای ئەنبار لە ڕێگەی سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە کردەتە ئامانج.